# جوگرافیای دانیشتوان

نزیکەی 400 ساڵ پێش ئێستا گرینگی بە دانیشتوان دراوە ، وە لە ساڵی 1798 بە ساڵی وەتەرخان دادەندرێت بۆ زانستی دانیشتوان.

ماڵسۆس : لە 1766/2/14 لە بەریتانیا لە دایک بووە مامۆستای مێژوو ئابوری بووە لە زانکۆی کامبریج لە تەمەنی 32 ساڵی راپۆتێکی بڵاوکردەوە باسی لە دانیشتوان دەکرد یەک ملیار کەس هەبوو کەچی لە ئێستادا بوەتە 7.8 ملیار کەس وە گوتویەتی ئەگەر بەم شێوەیە دانیشتوان گەشە بکات سروشت بە مەرگ وەڵامی ئەم زیاد بوونە دەداتەوە.

ماڵسۆس پشت دەبەستێ :

1 خۆراک (بە شێوەی ژمارەی حسابی بەکار دێت 5.4.3.2.1 )

2 ژمارەی هەندەسی یان دەتوانین بڵێین بە ئەندازەی حیساب دەکرێت وەکو ( 32 . 16. 8. 4. 2. 1).

بۆ رێژەی دانیشتوان دوو بەربەس هەیە ماڵسۆس وتویەتی بەکاربهێنرێ

**1 خۆپاراستن (+)**

أ- ژن هێنان دوابخرێت ب- سنوردارکردنی منداڵبون

ج- کەمی پەیوەندی ناشەرعی د- منداڵ لەباربردن

**2 الموانع الإیجابیة**

أ- جەنگ ب- دەردوپەتا ج- زیندەبەچاڵکردن

د- زۆربوونی مردن

ئەگەر مرۆڤیەکێک لەو دوو بەربەستە لە چاو نەگرێت ئەوکات سروشت ناچار دەکات یەکێک لەو دوو بەربەستە هەڵبژێرێت

*تیۆرەکەی مالْسۆس دەلْێت ئەو مرۆڤەی کە کەسێکی نییە بەخێوی بکات تەواو بەشی نابێت لەسەر سروشت ، بەو واتایەی کە دەبێت جیهان بەجێ بهێلْێ و بمرێ وە مالْسۆس دەلْێت نابێت دەولْەمەندەکان یارمەتی هەژارەکان بدەن وە کرێی کرێکارەکان کەم بکەنەوە چونکە دەبێتە هۆی زیاد بونی ژمارەی دانیشتوان بەلاْم لە هەمان کاتدا رەخنەی لێ گیرا لە لایەن پیاوانی ئایینی.

دوو قوتابخانە دروست بوون:

1- قوتابخانەی گەشبینەکان ئەوانە دژ بە مالْسۆس بوون.

2- قوتابخانەی ڕەشبینەکان ئەوانە لایەنگری مالْسۆس بوون.

زانای ئابوری (جۆن ستی واستی) لە سالْی 1848 جارێکی تر تیۆرەکەی مالْسۆسی هێنایەوە گۆرێ وە تێیدا پشگیری لە مالْسۆس کرد ، گوتی قسەکانی ڕاستە وتی دەتوانین بەرهەمی زەوی زیاد بکەین بەلاْم بە شێوەکی زۆرنا دەبێ زیادە ڕۆیی لێ نەکرێ وە بەرهەم هێنان بە شێوەیەک بێت پێویست بێت بۆ دانیشتوان. ئەو رەخنانەی لە مالْسۆس گیران ئەمانە بوون :

1- پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای لەبەرچاو نەگرت.

2- کاڕل مارکس گرفت لە سیستەمی حکومرانیە کە وای کردوە جیاوازی چینایەتی دروست بێت.

3- مالْسۆس دۆزینەوە جوگرافیەکانی لەبەر چاو نەگرتوە.

4- گرفت لە خێرایی دابەشبونی جوگرافیە ( لە سالْی 1977 لە 71% دانیشتوان لە گوند بوون ، لە 29% دانیشتوان لە شار بوون).

جوگرافیای دانیشتوان وەک لقێکی جوگرافیای مرۆیی لە 1953 بۆ یەکەم جار زانای ئەمریکی (تریورستا) وتارێکی خوێندەوە لە بەردەم کۆمەڵەیی جوگرافیناسانی ئەمریکی بە بە ناوی (the cunse of population geography) واتە هۆکاری خوێندنی جوگرافی

توانی زۆر بە ئاسانی بنەما سەرەکیەکانی دابرێژێت.
پێناسەی ( تریورستا) : زانستێکە لە ناوەرۆکدا جەخت لەسەر جیاوازیە شوێنیەکانی دانیشتوان دەکات و شیکردنەوەی گونجاویش بۆ هەموو ئەو فاکتەرانە دەکات قەبارە و پێکهاتە و تەرزەکانی دابەش بوونی جوگرافیە.
زلنسکی دەڵێت جوگرافیای دانیشتوان زانستێکە لە جیاوازیە شوێنیەکان و دانیشتوان دەکۆڵێتەوە و کاریگەری ئەو جیاوازیانە لەسەر دانیشتوان کە بە گوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێت.

پێویستە لە هەر لێکۆلینەوەیەک وەڵامی 3 پرسیار بدرێتەوە
1-خەسڵەتی ئەو شوێنەیی دانیشتوانی تێدایە.
2-هەوڵدان بۆ زانینی چۆنیەتی دابەش بوونی دانیشتوان.
3- شیکردنەوە بۆ ئەو فاکتەرانە دەکەت کە کاریگەریان لەسەر بوونی جیاوازیەکان هەیە.

زانا کلارك دەڵێت: جوگرافیای دانیشتوان زانستێکە لێکۆڵینەوە لە جیاوازیە شوێنەکانی دانیشتوان دەکات لە رووی ( دابەشبوون ، گەشە ، پێکهاتە ، قەبارە) هەموو ئەو جیاوازیانە بە جیاوازیە گشتیەکان ببەستێتەوە.

*فاکتەری رامیاری لە هەموو فاکتەرەکان زیاتر کاریگەری لەسە دابەشبوونی دانیشتوان هەبووە لە هەرێمی کوردستان. کلاك جیاوازی نێوان دیمۆگرافیا و جوگرافیا لەوە دایە کە دیمۆگرافیا گرینگی بە بابەتی دانیشتوزن دەدات لە رووی کاتەوە ، بەڵام جوگرافیا لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان دەکات لە رووی شوێنەوە بۆ ئەو مەبەستەش نەخشە و ئامرازی پێویست بەکاردێنێت.
(هیچ لێکۆڵینەوەکی زانستی ئەنجامی وردی نابێ ئەگەر زانیاری و داتای وردمان لەبەر دەست نەبێت لە ئێستا و ڕابردوو بۆ ئەوەی پێشبینی بکەین بۆ داهاتو (ئایندە)).

# سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری

1- سەرچاوەی داتا جێگیرەکان ئەمانە لەخۆ دەگرێت: سەرژمێری گشتی نموونە: (عینە)(Sample) داتا جێگیرەکان بە وێنە فۆتۆگرافی دەچوێنن چونکە جوڵەی تێدا نییە واتە گۆرانی تێدا نییە.

سەرژمێر: دیمۆگرافیەکان دەڵێن کردارێکە لەمیانەیدا گەمارۆی دەرامەتی مرۆیی دەدرێت لە کاتێکی دیاریکراو بە ئامانجی زانینی خەسڵەتی دانیشتوان کە سودی لێ وەردەگیرێ لە ئەنجامدانی لە ئایندەدا.

سەرژمێرUN: پرۆسەیەکی گشتگیرە کە هەڵدەستێ بە (کۆکردنەوە و ئامادەکردن و رێکخستن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی)
تەواوی ئەو داتا و زانیاریانەی بە دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیانەی کە پەیوەستن بە هەر تاکێکی کۆمەڵ بە کات و شوێنێکی دیاریکراو.

مێژووی سەرژمێر مێژوێکی کۆنی هەیە هەر لە کۆنەوە سۆمەریەکان لە دۆڵی رافیدەین هەوڵیان داوە ژمارەی دانیشتوان بزانن تۆمارێکیان هەبووە بە ناوی (تۆماری گەل) ناوی ئەوانەی تێدا بوو کە ئامادە کران بۆ چەک هەڵگرتن لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی لە وڵاتی لوبنان هەوڵی زانینی ژمارەی دانیشتوان دراوە بەڵام هیچ کام لە سەرژمێریەکان بە ئامانجی زانینی پێکهاتە و دانیشتوان نەبووە بەڵکو بو مەبەستی زانینی ژمارەی ئەوانە بوون کە ئامادەی چەک هەڵگرتن یان دانی باج بووە.

## سەرەتای دەرکەوتنی سەرژمێر بە مانای زانستی

سەرەتاکەی بۆ سەرەتایی سەدەیی هەژدەم دەگەڕێتەوە لە ساڵی (1706) کە یەکەم سەرژمێری لەم ساڵە لە وڵاتی (ئایسلەندا) کرا دوای ئەو هەریەک لە وڵاتانی (سوید، نەرویج، ئیسپانیا، دانیمارک، ئەمریکا، بەریتانیا) هاتوون. لە نێو وڵاتانی عەرەبیش(میسر، جەزائیر) لە پێشەنگی وڵاتانی عەرەبی دێن کە سەرژمێری تێدا کراوە.

ئامانج لە سەرژمێری:

ئامانج لە سەرژمێری زانینی ( پێکهاتە و قەبارە و ژمارە و خەسلەت و دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانە لە کات و شوێنێکی دیاریکراو ).

خەسیەتەکانی سەرژمێری:

(petarson) زانای بەناوبانگ خاسیەتەکانی بەم شێوەیە دیاری دەکات :

1- پێویستە سەرژمێری تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە ( هاوڵاتی و بێگانە).

2-پێویستە زانیاری ئاماری لەسەر هەموو تاکێک کۆ بکرێتەوە.

3- پێویستە سەرژمێر لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو ئەنجام بدرێت.

4-پێویستە کاتێکی دیاریکراو بۆ سەرژمێری دیاری بکرێت باشتر وایە لە هەموو خولێک لە هەمان مێژوو دوبارە بکرێتەوە.

5- پێویستە بە شێوەی خول بکرێت هەر ٥ ساڵ یان ١٥ ساڵ جارێک ئەنجام بدرێت.

6-پێویستە دەوڵەت سەرپەرشتی پرۆسەکە بکات.

# گرنگی سەرژمێری

دەکرێت گرنگی سەرژمێری بکەینە ئەم بەشانەی خوارەوە:

1- لە ڕووی پلاندانانەوە :زۆربەی وڵاتان لە سەردەمی ئێستادا نەخشە دانانیان کردۆتە بناغەی پرۆسەی پەرەپێدان لەم سۆنگەیەشەوە سەرژمێری دانیشتوان بە دیارترین و گرنگترین ئەرک دادەنرێت بۆ داڕشتن و سەرخستنی ئەم جۆرە نەخشە دانانە بە واتایەکی تر سەرژمێری دانیشتوان بایەخی زۆری هەیە لە پرۆژەکانی پەرەپێداندا چونکە پەیوەندی نێوان (دانیشتووان و پەرەپێدان) پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ کەرە هەر یەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوی تر هەروەها کار لە یەک دەکەن.

2-لەڕووی کارگێڕیەوە: ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە سەرژمێری وەدەست دەخرێن دەکرێت سودیان لێ وەربگیرێت بە مەبەستی کارگێڕی و پلاندانانی کاریگەری و ئابووری.

3-لە ڕووی توێژینەوە: ئەو زانیارییانەی و داتایانەی کە لە سەرژمێری وەدەست دەخرێن سودی گەورەیان لێ وەردەگیرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

4-لە ڕووی بازرگانیەوە دەکرێت سوود لە سەرژمێری دانیشتوان وەربگرین لە بواری بازرگانی کە لە رێگەیەوە دەکرێت داواکاری بەکاربەران لەسەر کەلوپەل بزاندرێت بەو پێیەی شتومەک بهێندرێت.

## ڕێگاکانی سەرژمێری

سەرژمێری دانیشتوان بە سێ ڕێگا ئەنجام دەدرێت:

1- سەرژمێری کرداری (التعداد الفعلي): لەم ڕێگەیەدا کەسەکان لەو شوێنەی لێن ناونوس دەکرێن ئینجا ئەم شوێنە شوێنی کەسەکە بێت یاخود میوان بێت، ئەم رێگەیە بە ڕێگەیەکی ئاسان دادەنرێت لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو پەیڕەوە دەکرێت.

٢-سەرژمێری تیۆری (التعداد نظري): واتە کەسەکان لە ڕۆژی سەرژمێریدا بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان سەرژمێر دەکرێن ، واتە ئەگەر کەسێک لەو ڕۆژەدا لەگەڵ خێزانەکەشی نەبێت هەر لەگەڵ خێزانەکەی ناونوس دەکرێت ئەم رێگەیە بە ڕێگەیەکی گرنگ دادەنرێت چونکە وێنەی راستەقینەی دانیشتووان لەم ڕێگەیە دەردەکەوێت لە هەندێک لە وڵاتی پێشکەوتووی وەک (کەنەدا) پەیڕەو دەکرێت.

٣-التعداد النظري _الفعلي : لەم ڕێگەیەدا هەردوو ڕێ و شوێن بە یەکەوە پەیڕەو دەکرێت واتە دانیشتووان هەم لە شوێنی هەمیشەیی خۆی هەم لەو شوێنەی کە لێیەتی ناو نوس دەکرێن.

## لەم کاتەدا فۆرمی سەرژمێری دابەش دەکرێت بۆ سەر سێ بەش:

١-بەشی یەکەم :ناوی هەموو ئەوانە دەنوسرێ کە لە کاتی سەرژمێری لە شوێنەکە ئامادە بوون.

٢-بەشی دووەم :ناوی هەموو ئەوانە دەنوسرێت کە میوان بوون.

٣-بەشی سێیەم :ناوی هەموو ئەوانە دەنوسرێت کە غایب بوون.

ئەم رێگەیە بە ڕێگەیەکی ورد دادەنرێت بەڵام گرانە چونکە کۆکردنەوەو لێ دەرکردنی زۆری دەوێت هەربۆیە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک (ئەڵمانیا) ئەم رێگەیە بەکاردێنن.

# سەرژمێر لە عێراق

یەکەم سەرژمێری لە عێراق کە بەشێوە زانستیەکەی کرابێت بۆ ساڵی (1947) دەگەڕێتەوە لەم سەرژمێریەدا ناو نوسکەران خۆیان سەردانی ماڵەکانیان دەکرد ئەمە جگە لەوەی ڕێگەی مۆدێرنی تێدا پەیڕەو کرا ئەم سەرژمێریە لە لایەن کاروباری کۆمەڵایەتیەوە ئەنجام درا لە بەرواری (1947/10/19)دوای جاڕدانی قەدەغەی هاتوچۆ بە ئەنجام گەیەنرا لەم رۆژەدا خەڵکی شار بە رێگەی (عەمەلی) ناونوس کران بەڵام ناونوس کردنی خەڵکی گوند یەک مانگی خایاند بەڵام سەبارەت بەم سەرژمێریەی لە شارەکان ئەنجامەکەی باش بوو بەڵام لە گوندەکان ئەنجامی باشی نەبوو.

**لەبەر ئەم هۆکارانە:**

١- خەڵکی گوند پێشینەی خراپیان لەگەڵ ناو نوسکەران هەبوو چونکە لە پێشتر ناو نوسکەران بەمەبەستی (باج یان گرتن) بوو هەربۆیە خەڵکی زانیاری تەواویان پێ نەدەدان.

٢-هۆشیاری خەڵکی لەم کاتەدا کاتەدا کەم بوو وە نەخوێندەوار بوون ساڵی لە دایکبوونی خۆیان نەدەزانی.

٣-فۆرمەکە خۆی هەڵەی تێدا بوو.

٤-ناونوس کەران شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە پڕکردنەوەی فۆرمەکان نەبوو.

٥-خەڵکی دەرەوەی عێراق لەم سەرژمێریەدا بەشدار نەبوون.

بەپێی ئەم سەرژمێریە ژمارەی دانیشتووانی عێراق (٤٨١٦١٦٥)کەس بوون، ئەنجامی ئەم سەرژمێریە لە ٧ بەش بڵاوکراویەوە کە تایبەت بوون بە(تەمەن،ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، خوێندەواری، تەندروستی، ئایین، نیشتەجێبوون) بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.